www.kurdistannet.org
21/05/2003 21:56

# گەمەی نەزانی پارتی و یەکێتی بە ئاگر!

سەلام عەبدوڵڵا

گومانی تێدا نییە کە پارتی و یەکێتی وەك لاوازترین بازنەی ناو ناکۆکییەکانی ئەو گەمە خوێناوییە کە لە ناوچەکە دەکرێ، لە ئاستی بەرپرسیارییەتیان لە بەرامبەر گیان و ماڵی کوردستانیان نەبوون. ئەوەی یاری بە ئاگر دەکا یا بەناچاری دەبێ بە بەشێك لەو یارییە، لەلانی کەمەوە دەبێ بە لێهاتوییەوە رۆڵی خۆی بگێرێ. پارتی و یەکێتی ئەم کارەشیان ئەنجام نەدا. بۆ؟

- هێشتا پێشی دەستپێکی جەنگ، بۆ بەرنگاری موشەکی دوورهاوێژی رژێمی فاشیست لە بەغدا، چەکی پاتریوت بەسەر تورکیا، کووەیت، ئیسرائیل دابەشکرا. ئایا نەدەبوو پارتی و یەکێتی داوای چەکی ناوبراو بکەن بۆ پاراستنی شارە ملیون نشینەکانی سلیمانی، هەولیر و دهۆك؟ ئایا مرۆڤی ئەو وەلآتانە هیچیان لە خەڵکی کوردستان زیاترە؟ ئەگەر حیساب بۆ مەترسی چەکی کیمیاوی بەعس بکرێت، ئەوا ئەو مەترسییە لەسەر دانیشتیوانی کوردستانە کە چەند مەترێك لە هێزەکانی رژێمەوە دوورن. ئایا ئەمە سەرەرۆیی لایەنگەلێك نییە کە بە گیانێکی خۆبەکەمزانینەوە بەشداری گەمەکە دەبن؟
- رەنگە داواکردنی پاتریوت بە لوکسۆس ناوببرێ بۆ پاراستنی خەڵکی هەژاری کوردستان، بەلآم بۆچی ماسکەی دژ بە کیمیاوی لەسەر وەلآتانی ناوبراو دابەشکرا، بۆ کوردستانیانیش چادریان ئامادە کرد؟
- سەرەرای ئەو راستیانە، ماسمیدیای کوردستان وای پیشان دەدەن کە ئەمریکاو بەریتانیا دۆستی کوردن و ئەم جارە پاشقولّ لە کورد نادەن. ئایا هیچ زەمانەت یا بەڵگەی نووسراوی حکومەتی ئەمریکی یا بەریتانی بە ئاگاداری نەتەوە یەکگرتووەکان و راگەیاندنەکانی جیهان بۆ کێشەی کوردستان لەبەردەستدا هەیە؟

نەخێر! ناشبێ سوود لە ناهوشیاری هەندێ خەڵك وەربگرن وبە قسەکانی بلێر هەڵیانبخەڵەتێنن! سەیر ئەوەیە هەندێ گەمژە لەبەر هەستی دونییەت، شانازی بەوە دەکەن، حکومەتی ئەمریکا نوێنەری خۆی بۆ کوردستان ناردووە!!

- ئەمریکا وەك یەکێك لە کۆنترین دەوڵەتی دیموکراسی لە جیهان، بە بێ پرسیارکردن و هەڵبژاردنی راوبۆچوونی خەڵکی کەرکوك یا کوردستان یاکو پەرلەمانی کوردستان، ئەو مافە بە خۆی دەدا، لەسەر زاری خلیل زادەوە بڵێ"کوردەکان لە باکوری عیراق بۆیان نییە دەستبەسەر شاری کەرکوك بگرن"! !پارتی و یەکێتی لەم بارەوە بێدەنگن و قبووڵیان کردووە!
- سی ئای ئەی، وەك میتۆدی دێرینەی خۆی لە رفاندن و گرتن و کارگەلی نهێنی، خەزرەجی تاوانبار و کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان لە دەنیمارکەوە دەرفێنێ و بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان دەیبەن. مەبەست لەم ئەکسیونە نهێنییە ئەوەیە، لە ئێستاوە خەزرەجی وەك ئەفسەرێکی پایەبەرزی جارانی سوپای عیراق، رۆڵێکی گەورەی بۆ مسۆگەر بکەن لە عیراقی پاش سەددام.

ئەگەر ئەم خالآنە بە چاوێکی واقیعبینانەوە هەڵبسەنگێنین، بۆمان روون دەبێتەوە، چۆن ماسمیدیای پارتی و یەکێتی کاری جەواشەکاری ئەنجام دەدەن. ئەم دوو حزبە لە بری ئەوەی سیاسەت و دبلۆماسییەتێك بگرنە بەر، ئاگری بۆمبا و کیمیاوی فاشیستەکان و سوپای ئەمریکی و جەنگەکەیان لە کوردستان دوور بخەنەوە، خۆیان کرد بە هاوپەیمانی لایەنگەلێك، هیچ متمانەیەکیان پێناکرێ. نموونەی(OCK)لە یوگسلافیا، نزکترین تاقیکردنەوەی ئەم زلهێزانەیە: سەرەتا، ئەمریکا و ئەلمانیا ئەو رێکخراوە ئەلبانییە بە هێزی رزگاریخوازو هاوپەیمان ناوبرد، بەلآم کە مەبەستەکانی خۆیان پێکا، پێیانیان ووت ئێوە تیرۆریستن و دەبێ چەکەکانتان دابنێن. ئەوجا بە زرێپۆش و بۆمبا کەوتنە گیانیان و ئاشبەتاڵیان پێکردن. ئایا ئەم سیاسەتە لە دژی پارتی و یەکێتی دووبارە نابێتەوە؟

هاوپەیمانەکان بەراشکاوی باس لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن لە ناوچەکە، نەك بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان. کاتێ بوش باس لە هەڵەبجە دەکا(حکومەتی ئەمریکی١٦ساڵە بێدەنگن!!)ئەوا مەبەستی ئەوە نییە، مافێك بۆ خەڵکی کورد بە رِوا بزانێ، بەڵکو بەکارهێنانی تاوانی جینۆساید دژی گەلی کوردستان بۆ سیاسەت و مەرامەکانی خۆیان. ئەمریکا ئەگەر بەراست تۆسقاڵێك بەرژەوەندی خەڵکی کوردیان لەلا مەبەستە، بۆچی بە درێژایی ١٦ساڵ، رۆژی ٣/١٦بە رۆژی جینۆساید دژی مرۆڤایەتی بە رەسمی ناناسی؟

بەرەی خەڵکی کوردستان، بەرەی دژی جەنگ و لەگۆڕنانی ڕژێمی فاشیستە. ئەوانەی دەڵێن"ئەمریکا پێی ناکرێ صدام برۆخێنێ، ئێمە چۆن پێمان دەکرێ"، بیریان تیژ نییەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی خەڵکی عیراق و کوردستانیان لە بیر کردووە.

سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی، بە نەزانی یاریان بە ئاگرەکە کرد، هەڵبەت هەقی خۆشیانە گوێ لە ڕاوبۆچوونی لایەن و کەسانی دەرەوەی خۆیان نەگرن، بەلاّم خۆ دەبێ بۆ پاراستنی گیانی کوردستانیان، قبووڵی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە بکەن و بە هاوپەیمانەکانی خۆیان بڵێن: کوا پاتریوت؟ کوا ماسکی دژە کیمیاوی؟ بە گوێرەی کامە پەرەنسیپی دیموکراسی، لە بری خەڵکی کوردستان بڕیار لە سەر چارەنووسی"قودس"ەکەمان دەدەن. ئەی خۆ دەبێ پارتی و یەکێتی بە هاوپەیمانەکەیان بڵێن، بڕیارتان چییە بۆ مافی خەڵکی کوردستان لە پاش سەددام!!

هێشتا هیچ نەبووەو تەنها ١٣ڕۆژە بەسەر ئەم جەنگە کاولکارییە تێپەڕیوە، لە ئێستاوە مەترسییەکان لە سەر خەڵکی کوردستان وەدیارن کەوتوون: سەددان هەزار کەس ڕەویان کردووە... نرخی هەموو شتێك بەرزبووەتەوە(تەنها بۆرصە و شەرکەتەکانی چەکسازی قاقای پێکەنینیان دێ)... چەندین ڕاکێت و بۆمبای فاشیستەکان لە دژی خەڵکی کوردستان تەقێنراوەتەوە... هێشتا مەترسی چەکی کیمیاوی و بیولۆگی و زۆر شتی تریش لەپێشە... بەلاّم ئێستاش دەکرێ بیرێکی تر بکەنەوە بۆ کەمکردنی زیانی ئەو کارەساتەی دێنە پێشەوە!

بڕوخێ دکتاتۆرییەتی فاشییەت– نا بۆ جەنگ...

بژی ڕاپەڕینی چەکدارانەی جەماوەری خەڵکی عیراق و کوردستان

سەلاّم عەبدوڵلاّ

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت